# پرۆژەی وەلانانی تاڵەبانی

**جەزاچنگیانی**

28 ساڵ لەمەوە بەر یەکیتی دروست بوو، 28 ساڵە مام جەلال بەبێ ئۆپۆسزیۆێنیك سەرکردەیە. پیش ئەم دیرۆکەش واتە لە ساڵی 1964 وە سەرۆکی باڵی ئۆپۆسزیونی پارتی بووە، گەر سەرنج بدەینە هەر پرۆژەیەك پێویستمان بە دیالۆگێکی مۆدیرن بۆ سەرکەوتنی هەیە . پرۆژەی وەلانانی تاڵەبانی پرۆژەیەکی ئابوری نیە و ئابوریشە، پرۆژەی وەلانانی تاقە کەس و تایبەت بە تاڵەبانی یە ونیە، پرۆژەیەکی تەنیا یەکیتی و هوشیارانی ئەو ڕێکخراوەنیە واشە، پرۆژەیەکە پەیوەندی بە جەستەی یەکیتی و گشت ڕێکخراوە ناوچەیی و نەتەوەی و مرۆیەکانی کوردەوە هەیە، پرۆژەیەکە هەموو کەسێك مافی هاوبوشی و ئەکتیف بوونی تیدا هەیە، پرۆژویەکە دۆزی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی وگشت جەمسەرەکانی هەناسەی بە بەردەوام بوونی پرۆسیسی گەشەکردنی کۆمەڵگا فراواندەکات . پرۆژەیەکە میللەتی کورد لە قوناغی دەسەلاتی دەرەبگایەتەوە دەگوێزیتەوە بۆ قوناغی مۆدیرن و پیشکەوتن و هاوشانیکردنی میللەتی کورد بە میللەتانی تری جیهان . یانی پرۆژەی وەلانانی تاڵەبانی دەبیتە گۆرانکاریەکی بنەڕەتی لەئاست بوونیادە ڕەسەنەکانی بوونی کورد وەك میللەت . پرۆژەی وەلانانی تاڵەبانی لە سیاسەت و خانەنشینکردنی پرۆژەیەکە بە پلەی یەکەم لەخزمەت نەتەوەی کورد و کیشە ڕەواکەیدایە و لەخزمەت خودی یەکیتیدایە . وەك ڕیکخراوێکی مۆدیرن وسوسیال دیموکرات . پرۆژەکە چەپکە گوڵێکی قەت سیس نەبووە لەسەرگۆری نەك تەنیا شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوایەتی لە باشوردا، بەڵکۆ لەسەر گۆڕی گشت شەهیدانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان هەمیشە گەشە . ڕاستە پەیڤین لەسەر پرۆسیس و وەلانانی کەسایەتێکی وەکی تاڵەبانی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و عیراق پرۆسیسیکی ئاسان و سادە نیە، وەلی تیگەیشتن لە پیداویستیەکانی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد و تیگەیشتن لە میژوو و بارو دۆخی ئیستای باشوری کوردستان وعیراق . ڕێگەمان پێدەدا وەها لەسەر کەسایەتیەکی سیاسی وەکی تاڵەبانی بدوین و پرۆسیسێکی وەها گرنگ بخەینە سەر میزی گفتوگۆیەکی مۆدیرن و ژیری .

3 ساڵ لە مەوبەر واتە لە تەمەنی 25 ساڵەی یەکیتیدا . کەسێکی بەڕێز لە ئەندامی کۆنفرانسی 25 ساڵەی یەکیتی ڕێزی فەرموو تەلەفوونیکی بۆکردم . ئەو بەڕێزە لە ژێر ڕووناکی هەڵویست و ووتارەکانی پیشووم، داوای چاوپیکەوتنی لە تەکدا کردم . منیش زۆر بەڕێزەوە داخۆازیکەیم پەسەندکردو یەکتریمان بینی . ئەو بەڕێزە تەمەنی ئاشنایەتی لە تەك تاڵەبانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەمدان واتە ساڵی 1964 و دروستبوونی جلالیزم . داوای سەرنجی لیکردم لە مەڕ کۆنفرانسی 25 ی یەکیتی . زۆر بەراشکاوی ئەوەم بۆ ئاشکراکرد کە میژوو تاڵەبانی خستۆتە لاوە . پیویستە لەو کۆنفرانسەدا بیر لە ئەلتەرناتیفی بۆ تاڵەبانی بکرێتەوە . ئەو کاکەیە بۆچونەکانی منی گەلیك بە دڵ بوو وەلی فەرمووی سروشتی یەکیتی وا داڕێژراوە هیچ کەسێك زاتی ئەوەی نیە ئەم جۆرە سەرنجانە بدرکینێ . چونکە تاڵەبانی وەك هەموو سیاسەتمەدارانی تری ڕۆژهەلات قۆرخی دەسەلاتی ڕەهای یەکیتی کردوە . یانی (دکتاتۆوریکی ڕۆژهەلاتی دەستبیج بە دەستە) . ئەوبرایە فەرمووی پیویستە ئەم زەنگە لە دەرەوەی یەکیتیەوە لیبدرێ . ئەویش تەنیا لە ڕێگەی میدیاوە دەبێ، لە سەر داخوازی ئەوەبەریزە بۆ یەکەمجار ووتاریکم بۆ کوردستانی نۆی، (لاپەڕەی ئازاد) کە بە بۆنەی کۆنفرانسەکەوە بۆ نوسینەکانی دەرەوەی یەکیتی تەرخانکرابوو نوسی و تیدا ئاماژەم بەوە کردوە پیویستە تاڵەبانی لە سیاسەت خانە نشین بکریت، لە سەر داخوازی هەمان بەریز ووتارەکەم نارد بۆ ئۆفیسی یەکیتی لە لندن کە هاورییەکی مندالیم کاریتیدا دەکرد. ئەو وتارە نەك بلاۆنەکرایەوە بەڵکو هاورێکەشم کە تاسەر ئیسقانە جلالیە لیم زویر بوو . ئەمە بەسەرهاتی بیری ئەم ووتارە بووە . ئیستا باروو دۆخی باشوری کوردستان و عیراق گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە . لە داهاتووشدا زۆرتریش دەبێ، ئەمەریکا بۆتە خاوەنی هەموو بڕیارەکان و دەستنیشانکەری چارەنووسی گەلانی عیراق، بۆ ئەمەریکا (کەس) گرنگ نیە بەڵکە بەرژەوەندی .

ئەمەریکا وەك زلیهیزیکی بێ هاوتا لە جیهاندا کەماوەتەوە لە سەر ئاستی بەرژەوەندی تاکە کەس نیە بەڵکو لەسەر ئاستی سەرجەم ئەمەریکایە، بۆیە وەك سیستەمیکی دیموکراتی کە دەقی پرێنسیبەکانی سیاسەتی ئەمەریکایە وەلا نانی سیاسیەك بە هیز بیت یان کودەتا یان . . . . شتێکی چاوەڕوانکراوە . مادامێکی ئەمەریکا گەرکیتی سەرچەمی ڕیکخراوە سیاسی و سەربازیەکان بگۆری ئەوە ئاشکرایە گۆرینی سەرکردە سیاسیەکانیش دەگریتەوە، تاڵەبانی بۆ ئەمەریکایەکان پلەیەك بوو لەو پەیژەیی پیویستی پی بوو . میژووی تاڵەبانی لە بزوتنەوەی کوردیدا میژوویەکی تەڵخدارە . چ لە ئاست بەرژەوەندی نەتەوەی کوردیدا چ لە ئاست ئاوزانی سیاسی وولاتیکی وەکی ئەمەریکدا . ئەم سیاسیە لە بازنە یان پۆلی کۆمەڵە سیاسیەکدا دانراوە کە بۆ ئەمەریکایەکان کەڵکی نەوماوە یان چارەی نەماوە . وەك (صدام، کاسترۆ، عەرەفات و ئوجەلان) تاڵەبانی کە سەرەتا بە چەپایەتی و دواجار ماوی و عیرافچیتی و کۆمەڵی پەتی بازی تر، لە تەك ڕژیمەکانی عیراق و ە بە خەستی لە تەك صدام و بە شانازیەوە لە تەك سوریا و دوژمنایەتەکی خویناوی لە تەك مەلا مستەفا و دواجاریش مسعود بەرزانی کردی ئەم لەبلەبانی یەی تاڵەبانی لە تەك سیاسەتی ئەمەریکیدا ناگونجی . خویندنەوەی میژووی تاڵەبانی بەچاویلکەی ئەمەریکی . وەکی خویندنەوەی تاڵەبانی نیە بە چاویلکەی کوردی (بەتایبەت) هەوادارەکانی، خۆیندنەوەی کورد خۆیندنەوەیەکی سۆزی یە . خویندنەوەی ئەمەریکی خویندنەوەیەکی بەرژەوەندیە . بۆیە تاڵەبانی هەرچەندە خۆی بنوینی وەك سیاسەتمەداریکی بە ناو دیموکراتی خواز ناتوانی هیندەی پەنجەیەکی کەندی دیموکراتی خواز بیت، هیندەی قولانجێکی شای ئیران ناتوانی خزمەتی ئەمەریکا بکات. ئەگەر تاڵەبانی وهەوادارەکانی ژیر بن پیش ئەوەی بە تۆپزی تاڵەبانی بخریتە کەنارەوە یان خۆی خۆی خانەمشین بکات یان بیکەن . چونکە جیاوازی لە نیوان بەزۆر لابردن و بە ویویست کەنارخستن زۆر جیاوازە، . پیموایە یەکیتی نیشتمانی کوردستان ئەگەر دوای 28 ساڵ قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن تاڵەبانیەوە بیریك لە ئەلتەرناتیفی نەکەنەوە ئەوە ناتوانن خۆیان بە ڕیکخراویکی دیموکراتەوە بابدەن . دووریش نیە ئەمەریکا وەك بەعس قەدەغەی نەکات . جا پیش ئەوەی کارەساتەکە یەخەی یەکیتی بگریت پیویستە دڵسۆزانی یەکیتی وکادیرە لاو هوشیارەکانی هەوڵبدەن مۆتەکەی دیکتاتۆریەتی تاڵەبانی لە یەخەی ئایندەی یەکیتی بکەنەوە .

**(پرۆژەکە مەدالیایەکە دەدری لە سنگی خودی تاڵەبانی ئەگەر بە ژیرانە و دیموکراتیانە، مرۆیانە، کوردانە، مامەڵەی لەتەکدا بکات) پیچەوانەکەشی کارەساتیکە پەشیمانی یە و پەشیمانیش میژووی تەڵخ ناشواتەوە** !

2003/06/15

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.